Dengekan

# شەڕەکانی دوای هەڵبژاردن لەتورکیا

**ن/ئۆرهان تورکی***
**و/هێمن مەحمود**

دوای هەڵبژاردنەکانی رۆژی 22ی تەموز لەتورکیا، بیرم لەوەدەکردەوە کە رەنگە ئەو حیزبانەی لە هەڵبژاردنەکەدا شکستیان هێناوە لەلایەك جارێکی دیکە چاو بەخۆیاندا بخشێننەوە، و لەلایەکی دیکەشەوە کۆمەڵگا و پەیامەکەی بخوێننەوە تاوەکو هۆکاری شکست خۆیان بۆ دەربکەوێت.

بەڵام توشی سەرسوڕمان بوم بەوەی کە تاوەکو ئێستاش ئەم حیزبانە لەخاڵی سفردان،لەبری ئەوەی کە خوێندنەوەیەکی مەوزوعیانە کە هاوشانی رەخنەکردنی خۆیان بێت ئەنجام بدەن، کەچی بەداخەوە زۆر بەخێرایی کەوتنە تۆمەتبارکردن و گەلیان بە نەزان وناهۆشیار وەسفکرد، بڕواشیان وایە کە ئەوە گەلە هەڵەی کردووە نەوەك ئەوان.

وەك چۆن (عیسمەت ئینۆنۆ)ی (جێگرەوەی یەکەمی ئەتاتورکی دامەزرێنەری کۆماری تورکیا)لە پەنجاکاندا بەهۆی دۆڕاندنیەوە لە هەڵبژاردنەکاندا گەلی بە نامەنتیقی وەسفکرد.

هۆکاری ئەم تۆمەتبارکردنەش دورکەوتنەوە وتێنەگشتنی ئەو حیزبانەیە لە کۆمەڵگای تورکی.

لێرەدا پێم خۆشە باسی خاڵێکی گرنگ بکەم کە ئامارە زانستیەکان بەدیارییان خستوە ئەویش ئەوەیە هەرچی کاتێك ئاستی زانستی و رۆشنبیری خەڵك بەرزتربوبێتەوە ئەوا ژمارەی دەنگدەرانی حیزبی گەلی کۆماری کەمتر بوەتەوە.

حیزبی گەلی کۆماری لەبری ئەوەی خیتابی واقیعی وهیواداری هەبێت هەوڵی بڵاوکردنەوەی نائارامی و ترسی دەدا، بەپێچەوانەیحیزبی عەدالەت و گەشەپێدانەوە کە دەرگای هیوای دەکردەوە و خیتابەکانیشی لەگەڵ رۆحی کۆمەڵایەتی تورکیدا دەگونجا.

یەکێك لەدیاردەکانی ئەم هەڵبژاردنە ئەوەبو کە دەزگاکانی راگەیاندن(چ بینراو و چ نەبینراو) رۆشتبونەوە ریزی بیرۆکراتەکانەوە چونکە هەواڵەکانیان بەشێوەیەکی مەوزوعی نەقڵ نەدەکرد، بەڵکو ئسلوبێکی ئیستفزازیان بەکاردەهێنا، و گەلیان بۆ (عەلمانی /نا عەلمانی) دابەشکردبوو.

ئەم رۆڵەش درێژکراوەی ئەم رۆڵەیە کە چوارساڵە ئەو دەزگایانە دەیگێڕن و رووی راستی بارودوخی ئابوری ئەشێوێنن، لە کاتێکا بەپێی لێکۆڵەرە ئابوورییەکان گەشی ئابووری بەشێوەیەکی سەرنج راکێش زیادی کردوە.

ئەم چەند رۆژە بارودۆخی سیاسی لەتورکیا جموجولێکی دیکەی تێکەوتۆتەوە،چونکە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لەچەند هەفتەی داهاتودا ئەنجامدەدرێت و هەرلەئێستاشەوە سیناریۆکان دەستیپێکردوە.

یەکەمینیان لەلایەن جەنەراڵە خانەنشینەکانە و دوهەمینیش لەلایەن رۆژنامەنوسە توندڕەوەکان، کۆتایەکەشی لەلایەن حیزبی گەلی کۆمارییەوە.

هەموان هەوڵی ئەوەدەدەن بگەڕێنەو بۆ یاریی پێش (هەڵبژاردنی پەرلەمان) واتە بۆ لێدوانی ئیستفزازی تازە بۆ ئەوەی بارودۆخی سیاسی لەکۆمەڵگادا بشێوێنن، هەروەها دوپاتکردنەوەی ناڕازیبونیان لە خۆپاڵاوتنی (عەبدوڵا گوڵ) بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری بەرلەوەی کە حیزبی عەدالەت جاری دەستنیشانی کردبێت.

ئێستا چەند مەسەلەیەك هەیە کەچاوەڕوانی حیزبی عەدالەت دەکات وهەر لەئێستاوە خۆی بۆ شەڕیان ئامادەکردووە،وەك هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری ، و مەسەلەی پارتی کرێکاران و ئەگەرەکانی هاتنە ناوەوەی سوپا بۆ کوردستانی عیراق، هەروەها چاکسازیکردن لە یاسای دەستوری مەدەنی(ئەو یاسایانە بەهۆی کودەتای سەربازییەوە لەساڵەکانی 1924 و1962 و1983 دا لەلایەن سەرکردەکانی سوپاوە دانراون)، لەکۆتایشدا گەشەپێدانی زیاتری ئابوری( دواین هەواڵ ئەوەیە کە هەڵئاوسانی ئابوی لەتورکیا هاتۆتە خوار ئاستی 40 ساڵ لەمەوپێش کە 6.9٪ە).

بەڵی حیزبی عەدالەت ژمارەیەکی زۆر دەنگی بەدەستهێناوە و توانیویەتی هاوپەیمانیەتیەکی گەورە لەناو کۆمەڵگای تورکیدا بۆخۆی دەستەبەربکات، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نیە کە لەبەردەمیدا کێشە نەماوە بەتایبەت کە هێشتا رکابەرەکانی ئاڵای تەسلیمبونیان هەڵنەکردووە.

*نوسەرێکی تورکە ولەئوردون نیشتەجێ یە.

**سەرچاوە**

**رۆژنامەی (الغد)ی ئوردونی**